## بناء الذات( 6)

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله رب العالمين، الرحمن الرحيم، مالك يوم الدين، إياك نعبد وإياك نستعين، إهدنا الصراط المستقيم، صراط الذين أنعمت عليهم، غير المغضوب عليهم ولا الضالين) آمين، والصلاة والسلام على خير خلقه محمد و على آله وصحبه، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

له بەشی شەشەم لە بەیەك گەیشتنەكانی بیناء، بینای ذات بەردەوام دەبین لە خزمەتتان إن شاءالله، بەشكو باری تەعالا ئا ئەو لیقائانە بكاتە مایەی خەیرەك، تەوفیقەك، هیدایەتەك, وەلەو كەم لە بۆ ئاخیرەت.

لە لیقائی پێشتر بەحسی ئەوەمان بوو، لەلیقائەكانی پێشتر بەحسی ئەوەمان بوو، كو فیطرە وەكو ئەمانەتەك درابیتە هەموو ذات، هەموو مەخلوقات، بەتەسەلسولی تەطەووری خیلقی، فیطرە بگۆڕدرێ بەمستەوای كائنی مەخلوق، بتانی تەوظیفی بكا ئیستیفادە لە فیطرە بكا لە عالەمی خۆی، وەبەنسبەت باری تەعالاش بە تەسبیح و بە سەجدە، لە ناومەخلوقاتیش گوتمان ئەو ذەواتانە مونتەخەبن لە بۆ تەحویلی ئیرادەی خوای بەتەعەببود، وە ئیعتماد كردنی كوللی لە سەر فیطرەیان، بتانن ئەو ذەواتانە بە ئیستیجابە كردن لە بۆ ریسالاتی روسول، مامەوجود في فیطرتهم، تەحویل كەن لە بۆ واقیع، قیممەی تەسبیح و سوجودی صددیقین و شوهەداء، وصالحین، بیننە وجود، كە موفەضەل ترە لە سەر مەلائیكەت. ئەوەشمان ڕەبتكردە صیغەی عیلاقە، فەرعی( أ) بلێین:

بەینی مەخلوقات و بەینی ذات، فەرعی( ب) : بەینی (ذات) و بەینی مەخلوقات. ئەورۆ ئەو كوللە پێكەوە رەبط دەكەین بەیەك، پرسیار/ كە ئایا لە ئیستیطاعەی ئەو ذاتەی دا هەیە ئیستیعابی ئیرادەی خوای بكا لەو مەجموعە نوقاتانە، پاشان بتانی تەحویلی كا پاشی ئیمتصاص پاشی ئیستیجابەی قەلبی داخیلی بە مەفهومی تەعەببود بتانی تەحویلی كا لە بۆ خاریج؟ وەڵام/ گوتمان: ئەصلەن ویستی خوای لەگەر وەی دایە سەییدی ئەو وجودە پاشی خۆی مؤمینین بن، وەئەو مؤمینانە بەواسطەی تەقواو ئیمانی بەرزیان بتانن ویراثەت، وە تەمكین، وە ئیستیخلاف، ئیجاد كەن لەسەر وجود، وەلەو مستەوایە ببن كە ببنە خەلیفە لە سەر كورەی ئەرز، ببنە سەییدي ماددە، جلەوی ماددە و مەخلوقات وەجوزئەك لەو مەخلوقاتانە ئینسان لەدەست ئەو جەمعە مؤمینە بی، ئەمما گوتمان پرسیار/ كەینی ئەوە دروست دەبی، وەڵام/ ئەو وەقتەی كە عیلاقەی ئیجابی صەمیمی دروست دەبی بەینی ذات و بەینی ئەو مەخلوقاتانە. كەینێ ذات تانی عیلاقەی ئیجابی بەینی خۆیی و بەینی مەخلوقات دروست بكا، لە كونهی مەخلوقات بگا، پاشان لە دائیرەی خۆی كە ئینسانە بە خیلقەت لە خۆی بگا خۆی بناسی، ئەو وەختی خوای خۆی دەناسی. لە لیقائی چارەم بەحسی ئەوەمان كرد نەوعەك لە موغناطیسییەت جەذب هەیە لە داخیلی ئینسانەوە لە بۆ مەخلوقی موقابیل، بە تەسەلسول ئەو جەذبە لە ضەعیفەوە لە بۆ تەقویە دەڕوا، مەثەلیشمان هینا، ئینسان لە سەر كورەی ئەرز كەینێ نەیتانیبی تەشخیصی ئەو جازیبیەتە بكا بە ئیجابی، وەعیلاقە تەحدید بكا بەینی خۆی و بەینی

مـاده، ئـەو وەختــی تووشـی شـرك بـووە، گوتمـان تـاریخی بەشـەریەت هـەر لـە قەدیمـەوە ئـەو حالـەتانـەی تـەحدید کردیـە، کـە ئینسـان ئاسمانی پەرستبی، بـە کەواکب، بە ئەستێرە، بە رۆژ، بـە مانـگ، یـاخود لـە سـەر ئـەرز، بـە چیا، بـە ئـاو، بە حـەیوانـات.پرسیار/ کـەینێ ئـەو ظاهیرەتـە دروست بـووە؟ لـە جـەواب/ دەلێین لـەو وەختــی کـە فیعلـەن ئینسـان نـەیتـانیبی تـەحدیـدی عیلاقـە بکـا لەگـەل مـەخلوقات، صـەمیمییەتەك جاذبییەتـەك لـە داخیلـی ئینسـان لـە بۆ مـەخلوقات مەوجود بووە فیطرەتەن، پرسیار/ کێ ئەو جـەذبـەی دانـابی، وە هـەدەف چیـە لـەو جاذبییەتە؟ وڵام/لە جەواب دەلێین الله (جل جلاله) ، بە مەقصودەك موعـەییـەن ئەو جەذبەی دانایە لە ناو داخیلی ئینسان، لە بۆ وەی فیعلەن ئـەو مـەخلوقاتانـە ببنـە جسرەك، بـە واسـطەی ئـەو جاذبییـەتـە ذات بتـانی ئـەسمائی خـالیق بـە واسطەی مەعرەضـی مـەخلوقاتی خـالق بناسـی، وە ئـەسمائی خـالق پـێ بکـا، وە بتـانی بـە واسـطەی ئـەو ئـەسمائانە عیبـادەتی خـوای بکـا. لـۆیێ گوتمـان هـیچ ذەرەك لـە وجـوود نیـە بـە ئیعتبـاطی بـە فـەوزەوی بـەبێ هـەدەف خـەلق کرابـی، هـیچ خەلیـەك، خانـەك، زینـدوو حـەي، لـە وجـوود نیـە بـە ئیعتبـاطی یـان بـەبێ هەدەف خەلق کرابی، هەمووی لە دائیرەی مەقصودی خوای (جل جلالـه) مـەخلوقن وەمەوجوودن، وە هـەر یەکە وفقی حیکمەتی خـوای ئـەدای وەضیفەی فیطرِی خۆی دەکـا، ئیـذەن کـوللی مـەخلوقات مـەعرەضـەکن ئـەسمائی بـاری تـەعالایان تێـدا مـەوجـوودە نسبـەتەن، ئـەثنای تـەحدیـد کردنـی عیلاقـەی ذات داخلییـەن لـە گـەل مەخلوقات، ئەو وەختی خـالیقی خۆی دەناسی، ئەو وەختی تـەعـاروف لـەگل خـالق

دەکا، کەینێ تانی تەحدیدی یاتەوجیهی ئەو عیلاقەتە بکا بە ئیجابی لە حەددەك سلبی لە بۆ مەرحەلەك ئیجابی وەتەوضیفی بکا، ئەو وەختی فیعلەن تانیتی ئەو ذاتە عیبادەتی خوای بکا وفقی ئیرادەی خوای بەبی زیاد و کەم. لە لیقائی پێنجەم: بەحسی ئەوەمان کرد کە ئینسان تەماشای مەخلوقات دەکا، جوملەك مواصەفات لە مەخلوقات مەوجودە، مەثەلەن تەمەشای چیادەکا، ماددەتەن چیا مەخلوقە لە جوملەك ذەڕراتی موحەددەد، موعەیییەن، تەرکیبی، تەکوینی پێك هینایە، ئەو جوملە ذەڕراتانە صیفەتە کی موعەییەن دەدەنە چیا, کە صەلابەتە، کە صمودە، توندییە، بەرامبەر هەموو بە سەر داهاتی سەر کورەی ئەرز، چیا إلی قییام الساعة دەمینێ، ئیللا ئەو وەختەی باری تەعالا ئەمری پێ بکا (وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْجِبَالِ فَقُلْ يَنسِفُهَا رَبِّي نَسْفاً ( طه 105) فَيَذَرُهَا قَاعاً صَفْصَفاً ( طه 106) لَا تَرَى فِيهَا عِوَجاً وَلَا أَمْتاً ( طه 107)) دیارە ئەو چیایە لەو صەلابەتەی عیلاقەك نەوعی لەگەل ذاتی ئینسانی مەخلوق هەیە، کە فیعلەن ئەو ذاتە ئیستفادە لە صەلابەتی ئەو چیایە دەکا بە قوەتی ئیرادە، هەر لەو ذەواتانەنە تانیتیان چیا ئیزاحە بکەن لە جێی خۆی, سەیطەرە لە سەر چیا بکەن, بتانن ئیختراقی چیا بکەن, ئیذەن ئیرادەی ئینسان لە ئیرادەی چیای لە صەلابەتی چیای بە قوەتتر بوو، ئەوە دروسی حەددی ئەدنایە کە ئینسانی مەخلوق لە مەخلوقاتی دەوروبەری خۆی ئیستیفادە دەکا، ئەوە حەددی ئەدنایە، ئەمما کەدێ بە تەعامولی یەومی بەئینتباە بە ئیستیجماعی شعور وە تەصلیتی ئەو شعورە لە سەر ئەو مەخلوقاتانە، ئەو وەختی ئەسمائی خوای تێدا دەبینی کە ئەو چیایە

ضـەخمە، ئـەو وەزنـە زۆرە، کـەئینسـان بەرامبـەری هـەول دەیگـری بـاری تـەعالا رۆژی قیامەت چی لی دەکا! کەتەماشای سەفین دەکەین بلێین بلندایی، طولی، عورضـی, فیعلـەن ئیحسـاس بـەڕەهبەتـەك دەکـرێ بەرامبـەری، باشـە دەبـی ئـەو خالیقە کە ئەوها خەلق کردبی، بەونەوعەتە، بـەو صـەلابـەتە، بـەو قووەتـە، دەبـی ئـەو خالیقـە خـۆی کـوبی؟ ئـەوجا سـەبر سـەبر بـەو تەسەلسـولەی ئینسـان لـە دائیـرەی ضـەییقی خـۆی ئـا ئـەو دەوائیرانـە گـەورەتـر دەکـا، ئینتیبـاهـی شـعوری ئیستیجماع دەکاو تەصلیت دەکاتە سەر ئـەو دەوائیرانـە، لۆیێ لـەوجود ماعـەدای ئـەصـحابی فیکـری فەوضـەوی، ماعـەدای ئـەوان نـەخۆ هـەموو فیکـرەك عیلاقـەی صەمیمی و موباشیر لەگەل مـەخلوقات هـەبووە، ماعـەدای ئـەدیـان، حـەتتا فیکـری ماددی، فەلسەفی، وجوودی، مەنطقی، هەموو عیلاقـەیان لـەگـەل مـاددەی هـەبووە، تەعامولیان لـەگـەل مـاددەی هـەبووە، محاوەلـەی ئـەوەیان کردیـە مـاددە تەوضیف بکەن، ماددە ئیستغلال بکەن، ئـەمما لـە بـەر ئـەوەی لـە مـاددەوە شتیان ئیسقاط کردتــە نــاو داخیلــی خۆیــان، مــاددەکــە بوویتــە ســەبەبی تــەوجیهیان، لــۆیێ نەگیشتینە مەقاصیدی ڕەببانی، لە نیوەی ڕێ یان لەڕوبعـی ڕێ ثولثی ڕێ مەسیر قەطع بووە لێیان، نەیان تانیـە تـەحدیدی موهیممـەی خۆیـان بکـەن، وەتـەحدیـدی وجودی ئا ئەو ماددەیە بکەن کەلە دەورو بـەریان هەیـە، لۆیێ موتـەقـەددیمترین فکر کە بونیەوییـەتـە لـە ووجـود، ئـەورۆ کـە مـەوجوودە لـە ساحـەی غـەربی، هـەر لـەودائیرەیـە ڕادەوەسـتی ئـەویش، کـە بونیـەوییـەتـە پاشـی مارکسییەتو، پاشـی ظاهیرییەتـە، پاشـی وجودییەتـە، ئـەمما فیطرە عەکسـی ئـەو حالـەتەیـە، داخیلـی

ئینسان تەوجیە دەکا لە بۆ مادده، داخیلی ئینسان دەفع دەکا لە بۆ تەوجیە لە بۆ مادده، عەکسی ڕوئیەی غەیر قورئانی، غەیر ئیمانی، پرسیار/ کێ ئەو حالەتەی لە بۆ دروست دەکا ئەو شعوره صەحیحە؟ وەڵام/ ئەو خالیقەی کەهەم ماددەی خەلق کردیە هەم ذاتی خەلق کردیە.ئەو دەتانی تەوجیهی داخیلی ئینسانەکەش بکا لە بۆ ئەو مەوضوعە مەطڵوبە، عیلمەن هەردوو طەڕەف ئەرضییەی دانایە، لە داخیلی ئینسانی مەخلوق ئەرضیەی دانایە کە ناوی نایە بە فیطڕە، لە داخیلی ئەو مادەیەش ئەرضییەی دانایە کە حەقیقەتەکەیە، حەقیقەتی ئەو ماددەیە تەسبیح و سجودەکەیە لە بۆ خوای (جل جلالە) ، فیطڕەی وەش مامەوجودون في ئەمری خوایە جل جلالە، ئیذەن دوو طەرەف تێك دەکەن، تەکمیلەی یەکتری دەکەن، لە بەرئەوەی خوایان یەکە، لە ئەثنای تەسبیحی وی، ماددەی موقابیل، تەسبیحی ماددەی موقابیل، هەرچی قووەتی هەیە ئیبرازی دەکا لە بۆ کابرای مؤمین، کابرای مؤمین بە واسطەی تەسبیح و سجودی لە بۆ خوای دەتانی فیعلەن تەوضیفی ئەو ماددەی بکا بە مەفهومی تەسخیر، ئەو وەختی عیلاقەی ئیجابی و صەمیمی دروست دەبی بەینی مادده و بەینی ذات. پرسیار/ کەیف؟ وەڵام/ ئەو وەختی بە ئیڕادەی خوای، چونکی طەڕەفەین موتەمازیجن ئیحساسەن لەگەل یەکتری، ئەوە بووە پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) لە قیممەی تەعامولی لەگەل مادده کردیە، وەتانیتی مادده تەسخیر بکا، وەتەوضیفی بکا، مەثەلەن ئیحساسی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) بە میکرۆب لەزەمانی خۆی لەگەل ئێستا لەگەل موستەقبەلیش فەرقی

نىیـه، چـونكى تـەعامولى لـەگـەل میكـرۆب پاش تـەشخیسـى میكـرۆب، میكـرۆبیش مەخلوقى خوایە فیعلـەن دەبى میكرۆب وفقى ئـەو خریتـەى كەلـەبۆى خـەلـق كرابـى هـەرچى تێیدا مەوجوودە لـە حـەقائیق تـەقدیمى پێغـەمبـەرى بكـا، پێغـەمبـەریش لـە مستەواى فیطرەى نبـووەت و ریسالـەتى خـۆى تـەعامول لـەگـەر ئـا ئـەو میكرۆبـەى دەكا، لۆیێ یەكسەر تەحدید دەكا، مەثـەلـەن صحـحییەن دەلـێ: جـائیز نىیـە لـە بـۆ ئینسـانـى مـؤمین لـە حـەفتـەك زیـاتر خـۆى نـەشـوا، جـائیز نیـە لـە بـۆ مـؤمین لـە جێیـەك مـەوبـوء بـە نـەوعـە میكرۆبـەك ئـەو لـەوێ مـەوجودبى لـە و مـەنطیقـەیـە دەرچى، میكرۆبەكە لەگەل خۆى نـەقل كا لـە بـۆ جێیـەكى دى، ئـەگـەر هـاتوو زانـى لـەوێ میكرۆب هـەیە نـابى بچـتـە نـاوى. ئیـذەن تـەعامولى پێغـەمبـەرى (صلـى اللـه علیـه وسلـم) لـەگـەل مـاددە تـەعامولـەك ئیـیجـابى صـەمیم لـە عـومقى مـاددەى گـەیشـتیە، مـەثـەلـەن عـەسـكـەرییـەن تـانیتى ئـەو ماددەیـە مـەثـەلـەن ئـاگر لـە مستـەواى موعطـەیاتى زەمانـى خۆى ئیستیفادە لـە ئـاگر بكـا ئـاگر تـەسخیر بكـا لـە بۆ تـەخفیفى موقابیل، ماعـەداوەى ئیجتماعییـەن مـەثـەلـەن، ئیقتصـادییـەن تـانیتى ئـەو تـەعامولـە ئیجابیـە نـەوعیـە بـەینى خـۆى، بـەینى مـاددە تـەحدیـدكا، جـار وەبـووە مـەثـەلـەن بـەرامبـەر ئوحـود ڕاوەستایە یان لـەسـەر ئوحـود ڕاوەستایە كـە چیایـەك بوو نزیكى مـەدینـە فـەرموو بـى (هَذَا جَبَلٌ يُحِبُّنَا وَنُحِبُّهُ) البخـارى. ئـەوچیایـە خۆشمـانـى دەوێ وە ئـەمـەش خۆشـمان دەوێ، یحبنـا بیدایـەتـەن ونحبـە، چـونكى ئـەصلـەن ئـەو ماددەیـە داندرایـە مؤمینـەكـەى خـۆش بـوێ، ئـەصلـەن لـە بـۆ مؤمینـەكـەى داندرایـە موسـەخخـەرە لـەبۆى، پرسـیار/ ئـەممـا كـەینێ؟ وەلام/

مۆمینەکـە فیعلـەن تـانی زمـانی لیسـانی ئـەو مـاددەیـە کەشـف کـا,وەبتـانی تەعامولی لەگەل بکا، ئەو وەختی فیعلـەن ئیحساس بـە مەحـەببـەتـی خۆی دەکا لە بۆ ئـەو ماددەیـە، پرسیار/ ئـەوە هـەمووی کـەینێ؟ وەڵام/ ئـەو وەختـی فیعلـەن باری تـەعالا ببتـە موهـەیمن، بـاری تـەعالا ببتـە سـاحێبی خـەریتـە، موهەندیسـی عیلاقـە دامەزرانـدن بـەینـی ذات و بـەینـی مـاددە، لـۆیێ یەکـەمین کـەلیمـە، لـە یەکەمین سوڕەت، کە میفتاحی عیلاقەی صەمیمي دروست کردنە صەحیح دروست کردنە، یەکـەمین لـەحضـە پاشـی رەفعـی حـەزرەتی عیسا لـە بۆ ئاسمان، کـوڕەی ئەرز عیلاقـەی قـەطع کـرد لـەگـەر ئاسمان لەگـەر بـاری تـەعالا، بـاری تـەعالا بـەو کەلیمەیە فەتحی عیلاقە دەکاتەوە لەگەر کوڕەی ئەرز، لەگـەل مونتـەخـەبـی سـەر کوڕەی ئەرز، موصطەفـای سـەر کـوڕەی ئـەرز، محمـد رسـول اللـە (صلـى اللـه علیـه وسلم) بە کـەلیمەی إقرأ، پرسیار/ لۆ لـە ضمنی ئـەو هـەموو کەلیماتانـەی ڕەببـانی ئیللا ئـەو کـەلیمـەیـە بـاری تـەعالا ئیختیـار کـا، داعـی چ بـوو؟ وەڵام/ دەلـین ئـەو کەلیمەیە محتەوای ئـەو کـەلیمـەیـەی موفتاحـەکـە کلیلـە لـە بۆ دانـانی عیلاقـەی ئیبجـابی وەتەشخیصـی ذات لـە بـۆ موقابیـل، موقـابیلیش کـە ماددەیـە لـە بـۆ ذات.پرسیار/ ئایا پێغەمبـەر (صلـى اللـە علیـه وسلم) قیرائـەی نەکردیـە پێشترێ؟ ئایـا فیعلـەن وەکـو عولـەمـای سیرە ئیشاڕەتی لـەبۆ دەکـەن کـان یتحنث لیـالي طیـوال ذوات العدد.پرسـیار/ ئایـا پێغەمبـەر (صـلى اللـه علیـه وسـلم) فیعلـەن لـەزیهنـی دانـەبووە ئـەو حالـەتـە؟ یـاخوت مومارەسـەی نـە کردیـە؟ وەڵام/ بـەلێ ئەوانـەی هـەموو مومارەسـە کردیـە، پرسـیار/ ئـەمما بـەو قانونییەتـەی کـە خـوا

دەیەوێ؟ وەڵام/ لە جەواب نەخێر بەو قانونییەتەی نەبووە، لۆیێ باری تەعالا لە بۆ ئەو تەحەننوثە، لە بۆ ئەو تەصەووره، ئەو تەخەییولە، ئەگەر جائیزبی لە بۆ پێغەمبەری (صلی الله علیە وسلم) باری تەعالا ئیطاری لەبۆ دادەنێ شاطیئی لە بۆ دادەنی، لۆوەی ئەو حالەتە ببتە قیرائە، ببتە سەبەبی تەسبیح، ببتە سەبەبی ذیکر، سەبەبی سجود، ئەو قیرائەیە، هەتا عیلاقە دروست دەبی بەینی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) لەگەل بەینی جەمیعی مەخلوقات، کە ئەو عیلاقە صەمیمیە دروست بوو، ئییجابیە دروست بوو، ئەوجە بە واسطەی ئەو مەخلوقاتانە خوای خۆی بناسی، ئەوجە لەو باری تەعالایە وفقی ئەسمائی خوای وەربگری و ئیستمراریيەت بکا، دیارە ماعەدای ئەو طەریقەیەی لەلای رب العالمین بە نسبەت پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) وەبەنسبەت ئەو جەمعە مؤمینەی کە لەگەر پێغەمبەری بووینە طەریقەی باشتری نەبووە، یاخود هەر ئەو طەریقەیە باش بووە، طەریقەی دی پێ سەلیم نەبووە باری تەعالا، ئەگەر فیعلەن ئەسلەم تر هەبایە، ئەحکەم تر هەبایە، مەعالیمییەتی خۆی باری تەعالا تەنزیلی دەکرد، ئەمما دیارە فیطرە لە داخیلی ئینسان مەرکەزی ئیستیجابەو قبولە، وەمەرکەزی عیلاقە دروست کردنە لەگەر خاریج، لە ڕێی ویەوە خوا بناسرێ وفقی ئەسمائو ئەفعالی، ئەوجە پاشان تەنزیل بکرێتە سەر ذات و مەخلوقات.تەقریبەن شوبە دائیرەکە موغلەق، لەچ جێیەکی قەطعەك هەبی خەلەل دروست دەکا لە ئەثنای تەعامول، مەثەلەن ئەگەر بهاتبا پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) بەبێ قیرائە عیلاقەی لەگەر خوای دروست کرد

با ئەو وەختی عیلاقەك تەقریبەن شوبە تەصەووفی دەبوو، سەبر سەبر تەسامی دەكرد بلند دەبوو لە سەر مادده نەیدەتانی تەعامول لەگەل مادده بكا، فەوقییەت دروست دەبوو ئەو وەختی، ئیذەن ئەو نموذەجە نەوعییەی كە باری تەعالا دەیەویٚ لەوی لەئەتباعی وی إلی قیام الساعة دروست ببی كە تەعامول و صەمیمەت لەگەر مادده دروست كەن، هیچ وەختەك مادده بە مەعكوسی تەعامولیان لەگەر نەكا ئیننەمما ئەوان موسەیطڕو موهەیمن بن لە سەر مادده، ئەگەر بهاتبا ئا ئەو عیلاقە نەوعیە لەگەر مادده نەبایە، موباشیر پیٚغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئیتتیصالی یاخود عیلاقەی لەگەل باری تەعالای دروست كردبا موباشەرەتەن بەبیٚ قیرائە ئەو وەختی ئەو حالە تەسامییە دروست دەبوو. لۆییٚ لە جیلی پاشی تابع التابعین زەمانی عەباسیەكان ئەو حالەتە ئیجاد كرا، ئیدامەی نەكرد فەترەكی زۆر، عیلمەن محاوەلەی دەكرد ئەصحابی ئائەو قەناعەتە موباشەرەتەن عیلاقە لەگەر خوای دروست بكا، لەبەرئەوەی لە ڕیٚی مەخلوقاتی نەبوو، فیطرەی نەبوو لە داخیلی، دەدا لە سەر مەخلوقات، زەوایا دروست بوو، تەكایا دروست بوو، لەو زەوایە و تەكایە سەبر سەبر عوزلەت و ئینسیحاب و، ئینكماش لە حەیات، دەرچوون لە حەیات دروست بوو، وەی لیٚ هات حالەتەك بیٚتە وجود وەكو ڕەهبانییەتی مەسیحیین، عیلمەن دەوری مؤمین لە سەر كورەی ئەرز ئەوەنیە، ڕەهبەنەتەك تازە، لەعەینی وەقت ئەو عیلاقە صەمیمیە دروست كردنە مەحدودە، قیرائە كە مەخلوقاتی پیٚناساند بە ذات دەوری تەواو دەبی، دەوری تەواو بوو، ئەو وەختی نەقل دەبی لە بۆ ئەبعادی

دیکەی تەعەبودی، وەکو ذیکر، وەکو تەسبیح، وەکو تەهلیل، وەکو تەوکیل، وەکو، وەکو، إلی آخره، هەر جارەکی باری تەعالا ویستبی ئائە و عیلاقاتانەی تەحدید کردیە یا دەفعی کردیە یا تەوجیهی کردیە یا تەنشیطی کردیە، لۆوەی فیعلەن ذاتەکە لەحەد دەرنەچی، ئەگەر بهاتبا دیسان قیڕائە کە عیلاقەی ئیجابی دروست دەکا لەگەل مەخلوقات زۆر بە عومقی مەخلوقات دابچووبا ئەو وەختی لە سەر حیسابی معرفة اللە دەبوو، یەعنی زاویەك نۆهەد دەرەجەیی بە واسطەی قیڕائە دروست دەبی، ئەو وەختی یان زۆر کراوە دەبوو یان زۆر وێکهاتی دەبوو، زاویة مونفرجة أو زاویة، وەکو یەهود کە ئیحساس بکەن هەموو حەیاتیان هەموو وجوودیان ماددەیە، اللە جیهە ثانەویەیە، ئەوان خۆیان سەییدی موهەیمینن، خۆیان دەتانن تەحدیدی عیلاقە بکەن، لە بەر ئەوەی لە سەر ئەو وجوودەی دەژین، ئیذەن ئەوان دەتانن بەرنامەج، ئەوان دەتانن طەڕحی ئاڕاء، لەسەر خوای بکەن، ئیذەن ئەوان دەتانن تەصەووڕ لە بۆ خوای دابنێن، نەك خوا لە سەر تەصەووڕاتیان، نەك خوا سولطەی هەبی لە سەر تەصەووڕاتیان. لۆیێ ئەگەر تەماشای قورئان بکەن حەتتا مەوضوعی جەننەت و جەهەننەم ئەوان دەیانەوێ تەحدیدی بکەن، ئەوان تەحدیدی دەکەن، کأنە ئەوان حەققی ئەوەیان هەیە، چونکی لە عومقی ماددە چووینە، کوو عومقەك غیر موتەصەووەڕ دینییەن، ئیذەن ئەو حەقەیان هەیە، ئەو هەیمەنە نەوعییەیان ئیکتیشاف کردیە، ئەو حەقەشیان هەیە ئیقتڕاحات بکەنە سەر باری تەعالا، لۆیێ هەر ئەوانن لە جەهەننەم تەحدیدی ڕۆژی خۆیان دەکەن بەقسەی خۆیان تەصەوری خۆیان،

یەعنی ئەوان دەتانن فەرضی ڕەئی بکەن لە سەر خوای، ئەوان دەتانن تەشریعات لۆ خۆیان دابمەزرێنن، صیغەی عیلاقە، ئەوان دەتانن دین لە بۆ خۆیان دابنێن، ئەوانیش دەتانن عەدەدی چوونە جەننەت و چوونە جەهەننەم تەحدید کەن، وە ئەو ئەنواعانەی دەچنە جەننەت، ئەو ئەنواعانەی کە دەچنە جەهەننەم، حەتتا لە ناو ئومەمی خۆشیان، لە قورئان ئەوە بە مەکشوفی مەوجوودە، ئیذەن هۆردوو طەرەف کە ئەوانە نەماذیج بوون لە سەر کوڕەی ئەرض مەوجوود بوون، هۆردووك قاصیرن، نە ئەو یەهودییەتە موتەقەوقیعە، مونزەویە، لەسەر ذاتی خۆی و ماددە، نە ئەو ئینفیراجە نەوعیە ماددە کوللەن بەجی بێلی ئیهمال بکا، یەکسەر کأنە بە مەصعەد دەتانی بگاتە خوای، هۆردوك باری تەعالا ئیزاحەی کردو لایدا، ئیننەما لەڕێی ئەووەلەن فیطڕە، عەن طەریقی سەمع و بەصەر، لە لیقائی دووەم بەحسمان کردیە، کە تەحویلی دەکا لە بۆ داخیل، فؤاد بەئیش دێخی، سەمع و بەصەر ئیسقاط دەکاتە سەر ماددە، لە داخیل جەذب هەیە لە بۆ ماددە، ماددەش عەکسی هەیە لە بۆ ذات، ئەو وەختی ئیستیکشافی ئەو حالەتانە دەکا لەو ماددە، ئەسمائی خوای (جل جلالە) لە ناو ئەو ماددەیە کەشف دەکا، سەبر سەبر تەڕەققی دەکا بەمومارەسە لە ناو ئەسمائی خوای، حەتا دەگاتە حەددەك ئیشی بەو ماددەیە نامینێ ئەو وەختی. ئەوە جوملەك ئەحاسیس و مەشاعیرە ذاتی موتەتەببیع ذاتەك کەفیعلن ویستبی بگاتە خوای بەصەحیحی وەکو جوملەی صەحابەی کیرام رضوان اللە علیهم جمیعاً تانیتیان فیعلەن ئەو عیلاقەیە دروست بکەن، نەتائیجیان چ بووە؟ ئەو

فیطڕەیە کە وەکو ئیڕادەی خـوای لـێ هـاتبی، تانیبیـان خـوای پـێ تـەحدید بکـەن، خوای پێ بناسن، وەعیلاقەکە دیسان تـەحدیدکـەن و تـەعببودی خـوای پـێ بکـەن، ئەو هەموو تەمرینە ذاتەکە هاتتە سەر سککەی ئیڕادەی خـوای، لـۆیێ لـە فـەترەك موحـەدەد موعـەییەن ئائەوەی خوا دەیـەوێ بیداتـە عەبدەکـەی لێـی بـە مەهانـەیـە بە عەطاء بەدان کـە رضوانە موباشیر دایتـی، چیدی ذاتـەکـە موعانـاتی نـەبووە، هەر لە سەر وجوودیش مـەوجـوودە، شـەیتان مـەوجـوودە، جەهـەنـنـەم مـەوجـوودە، ئیبتلائات مەوجوودە، نەفس مەوجـوودە، ئـەمما لـەگـەل ئـەوەش ئـەو ذاتـە چـونکی گەیشتە ئـەو تـەحلیلاتانـە، زانیتـی مەقصـەدی خـوای لـەوی چییە، ئـەویش وفقـی خوای بە مەقصەدی خوای ناسیە، مەقصەدی خوای لۆوی چییـە، کـو خـوای بناسـی، ئـەبـەو نەوعـەی خـوای ناسیە، بـەو نەوعـەش تەعـەببـودی خـوای کردیـە ئەگـەر کـــەمیش بـــی زەمەنەکـــە، کـــەمیش بـــی نـــەوعی عیبادەتەکـــە، لەبەرئـــەوەی مومارەسەی لەسەر کردیە بـاری تـەعالا زانیتـی ئـەو ذاتـە بـە هـەزار سالێش بژی هەر بەو نەوعـەی دەبـی، عیلاقـاتی خـۆی هـەمووی بەرامبـەر شـەیتان و بەرامبـەر نـەفس و بـەرامبـەر هەواو بەرامبەر ضـونون و، ئـەو هـەموو جوملـە سلبیاتانەی کـە پێـی موعەڕرەفـە، هـەمووی لـە زاویـە دانایـە، ئـی دی کـەینێ گەیشتبتە قیمـە، لـەوێ بـاری تـەعالا سویجی حـەیاتی لـێ قـەطع کردیـە، تـەحویلی کردتـە ئا ئـەو مەسارەی کـە ئـەصڵـەن لـە بـۆی خـەلقی کردبـوو کەجەننەتـە. ئـەمما ئـەوەی ئـەو بـەستەزمانـەی نـەتانی تـەحلیلی ئـەو عیلاقـەیـە بکـا، نـەتانی تـەشخیصـی کـا، ناشـتانی عـەمودی معرفـة اللـە کـەسب کـا، کـە خەلـەل لـەوەی هـەبوو ناتـانی

عیبادەتی بکا وفقی ئیرادەی خوا، لۆیێ لە چ بوعدەک لە بەسیتترین شت کە ئەو ئیحتیکاکی پێ هەیە مەثەلەن نوێژ: نوێژەکەی لێ بگرە لۆ نوێژێ دەکا، لێی بپرسە نازانی، نوێژیش دەکا نازانی لۆ نوێژێ دەکا، یەعنی عیلاقەی بەدەنی چیە لەگەل ئەو نوێژە ئەو قیامە ئەو ڕکوعە لۆ ئەوهایە لۆ ئەو نوێژە ئەوهایە قیامی تێدایە، ڕکوعی تێدایە، سجودی تێدایە، تەحیاتی تێدایە، بە تەکبیرەی ئیحرام دەچێتە ناو نوێژ بە تەسلیم دێتە دەرێ، لۆ ئەو هایە ئەو نوێژەی نازانی، بەدەنییەن عیلاقەی چیە لەگەل ئەو سجودەی کە دەیکا نازانی، طەبعەن ئەوەی زۆر ڕاقیە ئەو بەستە زمانەی کە زۆر ڕاقیە، ئەو لەکنی مەجهولە، ئەوجا هەر مەقطەعەك لەو مەقاطیعەی کە ئەوان خۆیان پێوەی موهتەممن، مەسەلەن ڕۆژی: هەدەف چیە لەو سەعاتەی تا ئەو سەعاتەی لە بیدایەتی ڕۆژ هەتا نیهایەتی ڕۆژ لۆ؟ لۆ شەو نەبوو مەثەلەن؟ عیلاقەی ڕۆژی چیە بە ڕۆژ؟ ئەثنای ڕۆژ مەجوودە لە سەر کوڕەی ئەرز ئەو زاتە لە بیدایەتی ڕۆژ هەتا نیهایەتی ڕۆژ، مەثەلەن بەڕۆژی بوون بەشەو نیە لۆ؟ لۆ یەك جوملە شت حەلالە لەو فەترەیە حەڕامە لۆ؟ ئەو مەوضوعە ماددییەن عیلاقەی چیە بەداخیلی ئینسان؟ علاقەی چیە بە أسماءالله ؟ نازانی. کە ئەوانە ناویان لە ئەڕکان داندرایە، هەموو کەس نوێژێ دەکا، ڕۆژی دەگرن، وەنیهی ئەگەر هاتوو فیعلەن زەکاتیش ئەو پارەیە بی، ئەگەر هاتوو زەکات ئەو دەفعە پارەیە بی، فەصەراحەتەن ئەگەر تەحلیلی عیلاقە ئەوەلەن: بەینی فیطرە، فیطرە کە چی تێدا مەدفونە؟ ئەوە یەك، پاشان ماددە لە خاریج دوو، بەینی ئەو فیطرەیە و بەینی ئەو ماددە تەعامول ئەوە

سێ، کە ئەو فیطرەو بەواسطەی ئەو مادەیە تەحدیدی خالیق دەکا تەعریف بەخالیق دەکا ئەوە چار، ئیرادەی خوای کە خالیقە وفقی ئەسمائی دیکە دیسان بە واسطەی ئەو مقاویرە ئەو ماددەیە بەڵکو بتانی تەعامولی لەگەل بکا، ئەوەپێنج.ئەوانە هەمووی بە مومارەسە دەکرێ، هەمووی بە تەعوید دەکرێ، بەتەمرین دەکرێ، گوتمان موفتاحەکەشی کەلیمەی (إقرأ) ە، کە ( إقرأ) ە کە کرا ئەو وەختی ذات دێتە ناو خەت، دەست دەکابە مومارەسە کردن لە بوعدی نەضەری دەردەچی لەبۆ بوعدی عەمەلی. کەینێ تانی فیعلەن مەدلولی کەلیمەی إقرأ بە مەعنا لە مەخلوقاتەکانی دیت إقرأ لێرە نامینێ، دەچتە بوعدەکی دیکە ئەو ذاتە، حالەتەکی دیکە، لە تەطەوور دادەبی، لەتەصاعود دادەبی، هەتا فیعلەن هەرچی ئەسمائی خوایە بەواسطەی مەخلوقاتی فیطرەتەن ئیستیکشاف دەکا، وفقی ئەو ئەسمائانە تەعامول لەگەل خوای دەکا، وە لەبەر ئەوەی ئەوە ئیرادەی خوای بووە، دیارە باری تەعالا حەصری نەکردتە سەر زەمانەك موحەددەد، مەکانەك موحەددەد، لە سەر ئەشخاصی موحەددەد، موطڵەقە إلی قیام الساعة ئەو طەریقەیە مەوجوودە، وە لە بۆ کوللی مەکانە، وە لە بۆ هەموو ذەواتیشە، هەر ئینسانەك بیەوێ دەتانی پێی قائیم بی، حەکر نەکرایە، مەنع نەکرایە لە سەر فیئەك دونی فیئەك، وەعیلاقەی صەمیمی و صەحیحیش بەو نەوعەی دروست دەکرێ لەگەل ذاتی رب العالمین، کەینێ معرفة الله بەو نەوعەی تەواو بوو ئەو وەختی مەعانی ئیمانی نەوعی دێتە جێ، لە ئینشراح و لە ئیطمیئنان، لە رضوان إن شاءالله وتعالی، دوعا دەکەین لە باری

تعالی هەر خۆی وەکیل بی، هەر خۆی موهەیمین بی، هەر خۆی ڕەشید بی، وەهھاب بی، لە بۆ ئیمانەك نەوعی صددیقی شوهدائی صالحی، دەستمان بگری دەفعمان بکا، لەو زەمانە وە لەو مەکانە بمانکاتە سەبەبی خەیر ئەووەلەن لە بۆ خومان پاشان لە بۆ غەیر، أقول قول هذا وأستغفرالله لي ولكم سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمدلله رب العالمين.